کرێکارێک لەکاتی کارکردن لە یەکێک لە پڕۆژەکانی شاری سلێمانی کۆتخوارەو و گیانی لەدەستداوە

نیوەڕۆی ئەمڕۆ شەممە، کرێکارێک لەکاتی کارکردن لە یەکێک لە پڕۆژەکانی نیشتەجێبوون لە شاری سلێمانی کۆتخوارەو و دەستبەجێ گیانی لەدەستدا.

بەگوێرەی زانیاریەکان، ئەم کرێکارە ناوی "گێران ئەکرەم"ـە و خەڵکی شاری سلێمانیە و تەمەنی 37 ساڵە، هەروەها خاوەنی دوو منداڵە، ئەمڕۆ لەکاتی کارکردنیدا لە پڕۆژەی نیشتەجێبوونی (77 پارک) لەشاری سلێمانی، لە بەرزایی یەکێک لە باڵەخانەکانی ئەو پڕۆژەیە کۆتە خوارەوەو گیانی لەدەستداوە.

گێران ئەکرەم